# بەختیارعەلی‌و
# وێنایەکی مەکتەبی بۆ مەسەلەی کورد

## لە دیمانەیەکی کوردستانی نوێدا

حەمەغەفور

(کوردستانی نوێ) تەوەرێکی کردۆتەوە بەناوی (پەیوەندی کورد-ئەمریکا لە نێوان ویست‌و حەقیقەتدا)، کە کۆمەڵێک پرس‌و ئەگەرو کەناڵی جۆراوجۆری وروروژاندووە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سیمای شوێن‌و جێگای "مەسەلەی کورد"و "ئاییندەو چارەنووسی جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی" لەهەناوی مەیلانی کێشمەکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و جێگۆڕکێی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەو جیهانیشدا. خودی تەوەرەکە بە جوانی کاریگەریی بنبەستی سیاسەتی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق‌و قەیرانی ستراتیژی دیموکراتیزەکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی پێوەدیارە. پرسی تێکچوونی پەیوەندی کورد-ئەمریکا بە دیاریکراوی بەشوێن ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتۆن‌و لەگەڵ هەڵتۆقینی قەیرانی هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر کوردستان ئاییندەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بردۆتە ژێر نیشانەی پرسیارێکی گەورەوە، کە لەگەڵ خۆشی‌دا نیگەرانییەکی بەرهەقی لە ئاستی جەماوەریی خەڵکی کوردستان‌دا لێکەوتۆتەوە سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان‌و مەسەلەکەیان. سەرنجێکی خێرا بەسەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوودا لە کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەشدا تەنانەت بۆ هەر چاودێرێکی دەرەکیش ئەم حەقیقەتە خۆی نیشانئەدات.

بەڕێز (بەختیارعەلی) وەکو ڕووناکبیرێک یەکەم کەسە بەشداری ئەم تەوەرەی کردووەو وەڵامو باسەکەی لە ژمارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2008/1/3ی کوردستانی نوێدا لە لاپەرە 10 بڵاوبۆتەوە. لەو ڕووەوە کە هەم مەسەلەکە گرنگەو هەم دیدگاو وێنای کاک بەختیاریش وەکو لێکۆڵەرەوەیەک جێگای بایەخە، بە پێویستم زانی سەرنجی تایبەتی خۆم دەربارەیان بنووسم.

کاک بەختیار بەم شێوەیە دەرگای بۆچوونەکانی خۆی والادەکات سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی کورد؛ **"سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتێکی نوێ گرێدراوی ئازادبوونی کوردە وەک نەتەوە، چونکە بەبێ ئەو ئازادییە ئەستەمە ئەو فۆرمە لە ناسیونالیزمی فاشیگەرا کە سەدام حسین‌و بن‌لادن‌و ژەنڕاڵەکانی تورک‌و هەندێك لە ئایەتوڵڵاکان نوێنەرایەتی دەکەن لەناوبچێت"**(خەت هی منە). کاک بەختیار دێت بە هەمان مەبادئی فیکری‌و لە هەمان چەمک‌وکەرەسەو ئامرازی سیاسی‌و مێژوویی جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی‌یەوە مەسەلەکە لێکئەداتەوەو بە شێوەی ئامۆژگارییەکی ڕەخنەئامێزو مەکتەبی وەڵامی پرسیارەکانی تەوەرەکە ئەداتەوە. بەڕێزیان بەدارشتنی ئەم دوایین ڕستەیەشی شانی خۆی لە دەخالەتێکی بەرجەستە تەنانەت بۆ "تەفسیرکردنی ئەسڵی سروشتی ململانێکانیش" خاڵیدەکاتەوەو نیشانیئەدات کە خوێندنەوەی بۆ مەسەلەی کوردو ڕیشەکانی تیرۆرو مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی خۆرهەڵات چەندە مەکتەبی‌و پێ‌لەهەوایە؛ کاک بەختیار دەنووسێ: **"بەبێ تەفسیرکردنێکی نوێ بۆ ڕیشەکانی تیرۆر، بەبێ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سروشتی ململانێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەستەمە ئێمە بتوانین گرنگی ڕۆڵی خۆمان‌و بایەخی ستراتیژی شوێنگەی بزاوتی ئازادیخوازی خەڵکی کورد بۆ جیهان ڕوونبکەینەوە..ئەوەش ئەرکێکی گەورەیە کە بەداخەوە بە پلەی یەکەم لەدەست سیاسییەکاندایە جێبەجێیبکەن، نەوەک لە دەستی**

**رۆشنبیراندا**"(خەت هی منە). بەڕیزیان پێیزانێ یان نا، لە هەمان دیدگاو گۆشەنیگای ناسیونالیستی کوردییەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کورد وە هەر لەوێشەوە بەشوێن چارەسەردا دەگەڕێ. بۆیە بەڕای من نەیتوانیوە هیچ شتێکی نوێ زیادبکات بۆ دیدگای باوی کورد بۆ مەسەلەی کورد وە هیچ جۆرە جیاوازییەکیشی پێشکەشنەکردووە لەوەی ئەوان. ئەو کە دەڵێ؛ "ئازادبوونی کورد وەک نەتەوە" ئیتر ڕووندەبێتەوە کە نە دیدگایەکی جیاوازی هەیەو نە ئەجێندایەکی کاراترو ژیرانەتریشی داهێناوە لەوەی کە تائێستا جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی پێشکەشی کردووە. کاک بەختیار لە ناو جیهانی مەکتەبی خۆیەوە بەوێنەی ڕۆشنبیرێکی بەئەمەک خەیاڵی پەری ئاسای بۆ نەتەوەکەی باڵپێدەگرێ!

ئەوە ڕاستییەکی مادیو مێژووییە کە بەهۆی نەخشو کاریگەری چالاکیو هەڵسووڕانی بزاوتی ناسیونالیستی کورییەوە، زوڵمو ستەمی میللی سەر خەڵکی کوردزمانی عێراق لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا گۆڕاوە بۆ مەسەلەیەکی سیاسیو گرفتێکی کۆمەڵایەتیو مێژوویی وا کە زۆر لە مێژە وەڵام دەخوازێ لێمان. جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی لە مێژووی تا ئێستای خۆیدا بەشوێن ئەوەوە بووە کە بەهرەداری لەم مەسەلەیە بکاو وەکو ئامرازو پەیژەیەک بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی، یاخود بۆ شەریکبوون لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا بەکاریبێنێ. سەرەنجام تەماحی هەژموونی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بەسەر جیهاندا دوای جەنگی ئەفغانستان بۆ بەرپاکردنی جەنگ دژی عێراق شکڵیگرت. بەدوای کارەساتی 11سێپتێمبەردا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەوڕووی جەنگێکی کۆنەپەرستانە کرایەوە لەژێر ناوی درۆیەکی شاخداردا بەناوی لەناوبردنی تیرۆرو بەرپاکردنی دیموکراسیدا- کە بەختیارعەلی بەشێوەیەکی ئۆبجەکتیڤ وەکو وەڵامی ئینسانییەت بە گرفتەکانی جیهان ناوی ناوە دیموکراتیزەکردنی خۆرهەڵات! بزاوتی ناسیونالیستی کوردی بێ سێودوو ستراتیژو هەستونیستی خۆیان گرێدایەوە بە تاکتیکە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لە عێراقداو لە بەرامبەر ئەمەشدا کۆنترۆڵی سیاسیو ئیداری کوردستان درایە دەستی یەکێتیو پارتی. بەڵام بەپێچەوانەی تێگەیشتنەکانی کاک بەختیارو ڕابەرانی جووڵانەوەی کوردایەتییەوە، ئەمریکای لانکەی دیموکراسیو یەکەم دەوڵەتی بەکاربەری چەکی کۆکوژو ئەتۆمی لە دژی خەڵکی سڤیلی (هێرۆشیماو ناکازاکی)، ئەمریکا جەنگی لەدژی تیرۆر بۆیە ڕاگەیاندووە هەتا هەیمەنەی سیاسیو سەربازیی خۆی بەسەر جیهاندا بخەملێنێ، نەک لەپێناوی خەیاڵی خۆشی بەرپاکردنی خۆرهەڵاتێکی دیموکراسیدا!

لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا ناسیونالیزمی کوردو بەداخەوە مەسەلەی کوردیشی وەکو کارتێکی تاکتیکی لە جەنگی خۆیدا بەکاربردو بزاوتی کوردایەتیش لەو جەنگەدا بەلوتکەی ئاواتەکانی خۆیان گەیشتن. ئێستا کە سیاسەتو ستراتیژی ئەمریکا لەناو تونێلێکی بێئەوپەڕدا گیریخواردووە، ئەو کارتی گوشارانە دادی نادات. دەبێ دەسبگرێت بە هاوپەیمانە بەهێزترەکانییەوە لە چەشنی دەوڵەتی فاشیستی تورکی. لە هاوکێشەی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا جمهوری ئیسلامی ئێران براوەی یەکەمەو مەترسی سەرەکی بۆ هەیمەنەی ئەمریکا پێشهێناوە. تورکیاش کە سەردەمانێک ڕۆڵی خۆی لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا بەرجەستەکردبوو، ئەمریکا ناتوانێ بیخاتەلاوەو هەروەها تاکە هێزێکیشە کە بتوانێ بە دەخالەتکردن لەناوخۆی عێراقدا تەکانێک بە جمهوری ئیسلامی ئێران بدات بۆ دواوە. لەم ڕووەوە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ خوێندنەوەو تەفسیرکردنی سروشتی کێشەکان، ناتوانێ موعجیزە بخولقێنێت. بۆ نموونە حکومەی هەرێمی کوردستان لەچاو هێزی وەکو تورکیاو ئێرانو میسرو ئیسرائیلدا، هیچ موئەشیرێک نایخوێنێتەوە جگە لە ڕووناکبیرانی چەشنی کاک بەختیارعەلی! ستراتیژی ئەمریکا پراتیککردنی هەژموونی خۆی بوو بەسەر جیهانداو شکستیهێنا بە هاوکاری بێدرێغی جووڵانەوەی کوردایەتیشەوە. ناسیونالیزمی کوردیش هیچ کاتێک ستراتیژێکی نە ئەجێندادا نەبووە نەک ئەمڕۆ. تاڵەبانیو بەرزانی خۆیان بە دەمی خۆیان هاواردەکەن کە خزمەتکاری عێراقنو لێی جیانابنەوەو بە عەمەلیش دوای 16شازدە ساڵ سەربەخۆیی دیفاکتۆ کوردستانیان لکاندەوە بە

عێراقەوە. ستراتیژی کورد گەیشتن بوو بەدەسەڵاتو بە سەروەتو سامانی بێئەژمار! ئێستا ئەوان ژیانی فیرعەونی ڕادەبوێرنو خەڵکی کوردستانیش بەبێ ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری لەژێر سایەی ڕەشی گەندەڵیدا ژیان دەگوزەرێن. کورستانی عێراق بۆتە لانکەی ملیۆنێرە کوردەکان!

جووڵانەوەی ناسیونالیستی کوردی بەگوێرەی ستراکتوری خۆی، جووڵانەوەیەک نەبووە بۆ کۆتاییهێنان بە زوڵمو ستەمی قەومی. حەرەکەیەک نەبووە لەپێناوی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا هەتا جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ-تەنانەت دەوڵەتی قەومیی کوردیش! بەڵکو بزووتنەوەیەک بووە لەسەر درێژەو مانەوەی ئەم زوڵمو مەسەلەیە ژیاوەو خۆی نوێکردۆتەوە. سەرانی ئەو جووڵانەوەیە بەبێ ترس فیدراڵییەکی پووچو بێمانا بە پارادایسی کوردی دەزانن-کە بۆ ئەوان بێگومان بەهەشتە- وە هەر کەس باسی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بکات بە تابووری پێنجەمی دائەنێن!

لە ماهییەتو ڕۆحی ناسیونالیستیو نەتەوەپەرستیدا بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەتی بۆ کوردستانیش، دەورودوکانی لەمەی کە ئێستا لە ئارادایە لە کوردستان باشترو ئینسانی تر چاوەڕووانناکرێ! ستراتیژێک، سیاسەتێک کە دەتوانێ مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی عادلانە چارەسەرو وەڵام بداتەوە، ئەوەیە کە بەجیا لە هەموو جووڵانەوەی ناسیونالیستیو سەوداو سیاسەتەکانیان، بەجیا لە هەر بەڵێنێکی ئەمریکا یا هەر هێزێکی دەرەکی تر دەسبەجێ خواستی بەرپاکردنی ڕاپرسییەکی ئازادو گشتی بکاتە بەدیلی خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یاخود جیابوونەوەو پێهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. پێشنیاری ئێمە کۆمۆنیستەکانیش دەوڵەتێکی نا قەومیو نائاییینییە، یانی دەوڵەتێکی سکۆلار. چارەسەرێکی بەم چەشنەی مەسەلەی کورد بەبڕوای من دەتوانێ هاوکێشەی کێشەو ململانێکانی ناوچەکەو جیهانیش بەئاراستەی ئازادیو سەرفرازیدا بەکێشبکات!

2008/1/5